# CV

## دکتۆر

## محمد سایر اسماعیل

# سیڤی باڵیۆز دکتۆر محمد سابیر اسماعیل



**پیشه :** باڵیۆز (خانەنشین)

**ساڵ و شوێنی لە دایك بوون:** 1-7-1947 - سلێمانی

**باری خێزانی:** خێزانداره و خاوەن کوڕو کچێکە. بەناوەکانی( ئاگری و نازکاڵێ )

**زمان:** کوردی, عه رەبی , ئینگلیزی, فه رەنسی,سویدی.

## ئاستـــــی زانســـتی:

- بڕوانامەی ئامادەیی لە به شی زانستی , ساڵی 1964–1965 لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان.
- بەکالۆریۆس لە فیزیادا ساڵی 1969 کولێجی زانستی زانکۆی بغداد.
- ما جستێر لە فیزیای ئه تۆمی ساڵی 1983 لە زانکۆی ستۆکهۆلم –سوید.
- دکتۆرا لە فیزیای ئەتۆمی –زەڕی ساڵی 1988 زانکۆی ستۆکهۆلم–سوید.
- دبلۆم لەزمانی سویدی ساڵی 1978 (ئۆبسالا).
- دبلۆم لەزمانی فەڕەنسی ساڵی 1995 لە زانکۆی سۆربۆن.
- دبلۆمی باڵا لەزمانی فەڕەنسی لەزانکۆی جنێڤ (سویسرا) ساڵی 2014.
- دبلۆمی باڵا لەبورای دبلۆماسی و سیاسی و ئیداری ساڵی 1999.
- بەڵگەنامەی کارکردن وەك بەڕێوەبەر لە کارگەیەکی ئەلەمنیۆمی فەڕەنسی لە شاری گرینۆبل بۆ مەشق کردن، لەسەر چۆنیەتی دروست کردنی کاغەزی ئەلمنیۆم ( رقائق الالمنیوم) ساڵی 1976.




First Union



## چالاکیە جۆراو جۆرەکانی لە بواری  سیاسی و دبلۆماسی و زانستی و ئەکادیمی

**بوارەسیاسیەکان**:

- لەتەمەنی 17 ساڵیدا ، ئەندامی  لیژنەی جێبەجێکاری (هیئەی ئیداری) بووە، لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان  لە ساڵی 1964  تا  کۆتایی 1965.
- ئە ندامی  رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مە کتەبی سیاسی)  بووە لە زانکوی بغداد 1965 -1969.
- ساڵی  1969   دووبارە هەڵبژێردراوەتەوە،   بە ئەندامی (هەیئەی ئیداری) واتە سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان،  لە کۆنفرانسی بەکرەجۆدا ، وە ئەرکی لێپرسراوی  لقی سلێمانی پێ سپێردرا.
- ساڵی  1970  -1971 ئە ندامی نهێنی لیژنەی ناوچەی  سلێمانی بووە (باڵی مەکتەبی سیاسی).
- ساڵی 1971- 1974 ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە سلێمانی، پاش تێکەڵاو بوونەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی.
- ساڵی 1972-1974  بەرپرسیاری هەرێمی سلێمانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی (کومەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بووە.
- لەساڵی 1974 زەمالەی خوێندنی باڵای هەبووە لە بولغاریا وە هەموو کاروبارێکی  زەمالەکەی بولغاریەی تەواوکردبوو، وەلەسەر رویشتن بوو بۆ بولغاریا لە هەمان کاتیشدا ( پاڵێوراویش بووە بۆ زەمالە لە بەریتانیا و قاهیرە) بۆ خوێندنی دکتۆرا لەفیزیای ئەتۆمیدا ، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەنێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردی ئەوسا و رژێمی سەدام وازی لەزەمالەکانی هێناوە و چووەتە نێو ریزەکانی شۆرشەوە.
- ساڵی 1974-1975  پاش چوونەدەرەوەیی بۆ ناو ڕیزە کانی شۆرش ولەهەمان ساڵدا  1974  ماوەیەك ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ بووە پاشان گوازراوەتەوە، بۆ ئەندامێتی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی لە یاخسەمەر تا ئاشبەتاڵ.
- ساڵی 1977 تا ساڵی 1992 لێپرسراوی لقی ئەوروپای  یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.
- ساڵی 1976-1991 بەرپرسیاری ڕێکخراوی  کۆمەڵەی رەنجدەرانی  کوردستان بووە لە  ئەوروپا.
- لە نێوان ساڵانی 1977–1992 هەموو خۆپیشاندانەکان و مانگرتن لە خواردن  کە لە دژی رژێمی پێشووی عێراق و باڵوێزخانەکانیان ئەنجام ئەدرا "د.محمدسابیر" سەرپەرشتی کردووە و پلاندارێژەری و بەشداربووە بەتایبەت لەو ووڵاتەی کە خۆی لێیبووە و سەرپەرشتی ئەو ووڵاتانەشی کردووە کە لێی نەبووە، وەك ( خۆپیشاندانەکانی فەرەنسا و سوید و ووڵاتانی تریش) وەك بەرپرسی لقی ئەوروپای یەکیتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەران.
- لە کاتی بەرپرسیارێتی لق و رێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی ووڵات گۆڤارێکیان دەرکردووە بە ناوی (راپەرین) لە ووڵاتی سوید، (دەنگی یەکێتیش) کە گۆڤاریکی مانگانە بوو وەك لقی ئەوروپای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەچاپیان دەگەیاندوو بڵاویان دەکردەوە لەناو ئەوروپادا. هەموو بڵاوکراوەکانی کە لە ناوەوەی کوردستان دەردەچوو "د. محمد سابیر" لە لقی ئەوروپا سەرپەرشتی چاپکردنەوەی دەکرد و لە ئەوروپا بڵاویان دەکردەوە،



لەگەڵ چەندین گۆڤاری تر بە ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی لە دەرەوە سەرپەرشتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کردووە.

- لە کونگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی ساڵی 2001 هە ڵبژێردراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، تا کۆنگرەی سێهەمی ساڵی 2010 بەئەندامی سەرکردایەتی ماوەتەوە.
- لەکۆنگرەی سێهەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا کە لەساڵی 2010 لەسلێمانی بەسترا، هەڵبژێردراوە بەئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
- ساڵی 2018 پاش هەڵبژاردنی خولی چوارهەمی پەرلەمانی عێراق، بەربژێری فەرمی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق.

## بوارە دبلۆماسیەکان:

- ساڵی 1993 تا 2001 نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە فەرەنسا.
- ساڵی 2001 تا 2004 نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەو ماوەیەدا و لە هەموو دیدارەکانی سەرۆك مام جلال بەشدار و ئامادەکار بووە لەگەڵ هەریەك لە ( دیك تشین جێگری سەرۆکی ئەمرێکا و دوناڵد رامسفێلد وەزیری بەرگری و کوڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمرێکا) کە کۆبونەوەی ئەنجامداوە. زیاتر لەوەش دیداری لەگەڵ کۆنگرێسمانە بەناوبانگەکانی وەك (جوبایدن و جون مەکین و هیلاری کلینتۆن ) و دەیان کۆنگرێسمان و سیاسەتمەداری ئەو کاتە وەك کیسینجەر و وولفوویتز ئەنجامداوە.
- نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە، لە زۆربەی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە وڵاتانی جیهان.
- نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە، بۆ زۆرینەی کۆبونەوەکانی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە وڵاتانی جیهان لە نێوان ساڵانی 1979 تا ساڵی 2001، هەروەها وەك نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشداری هەموو کۆنگرەکانی پارتە سۆشیالست و چەپەکانی ئەوروپای کردوە لەنێوان سالآنی 1978–2001.
- وەك نوینەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چەندین زەمالەی خویندنی بۆ خوێندکارانی کورد، وەرگرتووە لە وڵاتانی دەرەوە.
- وەك یەکێك لە ئەندامانی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، بەشداربووە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی 1991 لە وڵاتی لوبنان.
- وەك یەکێك لە ئەندامانی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشداربووە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی 1992 لە وڵاتی نەمسا.
- وەك یەکێك لە ئەندامانی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشدار بووە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی 1992 لە مەصیف صلاح الدین.





- وەك یەکێك لە ئەندامانی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشداربووە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی 2001 لە نیۆرك.
- وەك یەکێك لە ئەندامانی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشداربووە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی 2002 لە لەندەن.
- ساڵی 2004 بووە بە باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق.
- لەئەیلولی 2004 وە بووە بە باڵیۆزی عێراق لەکۆماری چینی میللی.
- رۆڵی گەورەی بینیوە لە ئەنجومەنی باڵیۆزانی عەرەب و بۆ ماوەیەکیش سەرپەرشتیاری (راگری سلکی دیبلۆماسی باڵیۆزانی عەرەبی)بووە لەووڵاتی چین.
- سەرۆکی وەفدی عێراق بوە بۆ کۆبەندی (عەرەبی- چینی) لە (پەکین، دۆحە، قاهیرە)
- سەرۆکی وەفدی عێراق بوە بۆ کۆبەندی (عەرەبی- یابانی) لەتونس لەساڵی 2012.
- سەرۆکی هەموو وەفدەکانی عێراق بووە، بۆ کۆبونەوەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتی ولاتانی ئاسیا(CICA) کەلە (ئیستەنبولّ، کازاخستان، چین) گیرابوو لەنێوان سالآنی 2010-2013.
- لە بەرواری 20–5–2010  وە سەرۆکی دائیرەی ئاسیا و ئوستورالیزیا بووە،  لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق.

- لە بەرواری 17–4–2013 تا 1–1–2016 بووە بە باڵیۆز و نوێنەری هەمیشەیی وولّاتی عێراق لە نەتەوە یەککگرتووەکان لە جنێڤ.
- ساڵی 2013 عێراق سەرۆکایەتی کۆنگرەی داماڵینی چەکی ئەتۆمی وەرگرت، کە د. محمد سابیر سەرۆکایەتیدەکرد ، ئەم کۆنگرە یە ئۆرگانێکی گرنگی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکانە و بارەگاکەی لە جنییێڤە.
- کۆنگرەی داماڵینی چەکی ئەتۆمی65 وولاّت ئەندامن لەو کۆنکرە جیهانیەدا. وە عێراقیش  یەکیکە لە و 65 ئەندامە. وە سالآنە کۆ بوونەوەکانی  ئەو کۆنگرەیە لە سە رەتای ساڵەوە تا  مانگی نۆڤەمبەر  دە ست پیدەکات و دریژەی هە یە، وە سەرۆکایەتی ئەم کۆنگرەیە  لە لایەن نوێنەرانی  ئە و 65  وولاّتە وە دەبێت  بەدەوری و بە گوێرەی پیتی (ئەبجەدی) ناوی هەر وولاّتیك  لە و 65 وولاّتە    بۆ هە رخولێکی  کۆنگرەکە دیاری دەکرێت , هەموو   ئەندامی ئەو کۆنگرەیە مافی ڤیتۆ یان  هەیە،  وە بریارەکان دە بێت بەکۆی دەنگی هەموو ئەندامان بێت،  واتە بە (احجماع) بێت بۆیە بریار وەرگرتن لە کۆنگرەیەکی ئاوا گەورەدا زۆر قورسە، چونکە هەر دەوڵەتێك راوبۆچونی جیاوازی خۆی هەیە لەسەر برگەکانی داماڵینی چەکی ئەتۆمی،  بەرژەوەندیەکانی  خۆیان لە سەروو هەموو شتیکەوە دا ئەنین . دیارە  قورسی پرسەکە کەپابەندە  بەسیاسیەتی نێوەدەوڵەتی و جیهانیەوە  ، بە تایبەت لەو کۆنگرەیەدا کیشەی گەورەی نێوان هندستان و پاکستانە  لە رووی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و (موادە) تیشکدارەکان و کلاّوەی ئەتۆمی و تیکنۆلۆجیکەیەوە   بۆیە زۆر زە حمەتە بریار وەربگیرێت  لەم کۆنگرەیەدا ، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش  بووە  کە عێراق سەرۆکا یەتی  ئەم کۆنگرەیەی وەرگرت , ماوەی 17 سالّ بوو   کۆنگرە  نەی توانی بوو  هیچ  بریاریك  لە


نحو الاصلاح
المؤتمر


Officials Meeting
Arab - Chinese
IRAQ
SUDAN
الكويت
KUWAIT


سەر بەندەکانی  چۆنیەتی داماڵینی چەکی ئەتۆمی وەرگرێت  و چەقی بە ستبوو لە شوینی خۆیدا، چونکە پاکستان لە دواین بەشی کۆبونەوەکاندا ڤیتۆی بەکاردەهێنا.

- لەو کۆنگرەیەدا کە د. محمد سابیر، وەك نوێنەری هەمیشەیی عێراق سەرۆکایەتی دەکرد و لە دانیشتنی  یەکەمی کردنەوەی کونگرە کە بەرێز هۆشیار زیباری وەزیری ئەوکاتەی دەرەوەی عێراق بەشداربوو، ووتاری عێراقی پیشکەش کردوو  راو بۆچوونە کانی دەوڵەتی  عێراقی  لەمە ر داماڵینی چەکی ئەتۆمی  خستە بە ردەست ئەندامانی کۆنگرە.
- سەبارەت بە سەرۆکی  ئەو خوولەی کۆنگرە کە (دکتۆر محمد سابیر) سەرۆکایەتی  دەکرد  ئەرکێکی زۆر قورس و ئەستەمی لەبەر دەمدا بوو, چونکە کارێکی وا ئاسان نەبوو بۆیە لەیەکەم رۆژی دەست بەکاربوونیەوە , دەستیکرد بە کۆبوونە وە و دا نووستاندن  لەگەڵ هەموو  باڵیۆزوو نوێنەرانی  هەموو ولاتانی ئەندامانی کۆنگرە  و پرۆگرام ونەخشەی کاری  خۆی خستەبەردەمی  هەموویان بەتایبەتی پاکستان. دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و چەندین کۆبونەوە لەگەڵ بەشداربووەکان کە  بۆ ماوەی 3 مانگ  کۆبونەوەکان  بەدریژای رۆژەکان و بەبێ ماندووبوون بەردەوام بوو, رۆژ نەبوو کێشە نەیەتە پیشەوە  و هەوڵی چارەسەر کردنی نەدرێت ،  خۆش بەختانە دواجار لەو کۆنگرەیەدا بە سەرۆکایەتی د. محمد سابیر،  بەنوێنەرایەتی عێراق، دوای ( 17 ) ساڵ،  توانرا بریارێکی نوێ وەربگرێت  بەکۆی دەنگی هەموو ئەندامانی کۆنگرە ، کە  ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ ووڵاتی عێراق پاش چەندین ساڵ ، بەهەوڵی سەرۆکایەتی (دکتۆر محمد سابیر) و تیمەکەی  ئەو بریارە وەرگیرا  لەسەر پرۆگرامی داماڵینی چەکی ئەتۆمی  لە جیهاندا، دیارە ئەمەش سەرکە وتنێکی گەورە بوو بۆ عێراق و خودی دکتۆر محمد. بۆیە چەندین نامەی پیرۆزبایی و دەستخۆشی سەرکەوتن بۆ د. محمد سابیر نێردرا، لەلایەن ووڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و چین و رووسیا و چەندین ووڵاتی تر. هەروەها سوپاسگوزاری ودەست خۆشی وەزیری دەرەوەی عێراق و سەرجەم باڵیۆززەکانی عێراق و ئە وباڵیۆزانەی ووڵاتان کە لەجنیڤ کاریان دەکرد، پیشکەش کرا.

- دکتۆر محمد سابیر  ئەندامی وەفدی عێراق بووە کەبەسەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی عێراق ئەنجام درا بۆکۆبوونەوەکانی جنێڤ (2) سەبارەت بە کێشەی سوریا، کە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە رێکخرابوو سەرپەرشتی دەکرا  لەبارەگای سەرەکی (UN) لەجنێڤ و هە روەها لە شاری مۆنترۆی سویسرا کە چەند جەلسەیکی لە و شارە گێرا.

## بوارە زانستی و ئەکادیمیەکان:

- پیشکەشکردنی  داواوفۆرمی  دامەزراندن لە ئاژانسی ووزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی لە ساڵی1990، بەڵام بەهۆی کورد بوونیەوە وەرنەگیرا، وەڵامدانەوە ئەو ئاژانسە  بۆ دکتۆر محمد سابیر  بەم جۆرەبوو: (ئەگەرچی هە موو مەرجەکانی وەرگرتنی  ئەو پۆستەی کە داوات کردووە  لە تۆدایە بەزیادەوە، بەڵام  بۆ وەرگرتنی  پۆست لەم



ئاژانسه دەبێت ئەو کەسه خاوەن دەوڵەت بێت و دەوڵەتەکەی بۆی داوا بکات، ئینجا وەردەگیرێت لەو ئاژانسه دا ) هه روەکو ئاماژەی پێکرا سەرجەم مەرجەکانی تیدا بوو جگه لەنەبوونی دەوڵەت .

- تویژەربووه له زانکۆی سلیمانی – کۆلیژی زانست-بەشی فیزیا له ساڵی 1971 تا ساڵی 1975.
- هاوشانی خوێندنی دکتۆرا لەزانکۆی ستۆکهۆڵم مامۆستای یاریدەدەر بوه، لەزانکۆکه لەنێوان ساڵانی (1981-1988)
- مامۆستابووه، له بەشی تویژینەوه و گەشەپێدانی ئەتۆمی له زانکۆی ستۆکهۆلم له سوید، له نێوان ساڵانی 1983-1992.
- توێژەر بووه له دەزگای پشکنینی ئەتۆمی (SKI) لهووڵاتی سوید، لەنێوان ساڵانی 1989-1992.
- بڵاوکردنەوەی 14 تویژینەوەی زانستی، سەبارەت بەفیزیای ئەتۆمی له گۆڤاره بەناوبانگەکانی جیهان.( جێگەی ئاماژەپێکردنه توێژینەوەی ئەتۆمی یەکێکه لەتوێژینەوه باڵاکانی ئێستایی دونیا).
- بەشداریکردوه له زۆربەی کۆنفرانسه زانستیه نێودەوڵەتیەکاندا ، کەلەبواری ئەتۆمیدابووه ، لەوڵاتانی ئەسکەندناڤی (سوید ، دانیمارك ، فنلەندا و ئایسلاند) هەروەها لەو کۆنفرانسانەی کەله فەرەنسا و بەلجیکا و وڵاتانی تری ئەوروپا گیراوه، لەو بوارەدا ئەنجامی توێژینەوەی خۆی پێشکەش به کۆنفرانسەکان کردوه.

## بەشێك له و دیدارو کۆبوونەوه تایبەتانه لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوه بوون :

دکتۆر محمد سابیر، وەك کارەکتەرێکی ئەکادیمی و زانستی و سیاسی، خاوەنی پەیوەندییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیەو زۆرێك لەو پەیوەندیانەی بەکار هێناوه بۆ خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد، بۆ ئەومەبەستەش چەندین کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجامداوه، لەگەڵ سەرۆك و سەرکردە ناودارەکانی دونیایی سیاسی و دبلۆماسی، کەسەر جەمیان لەئێستا دا بۆته خەرمانێکی گەوره بۆ حکومەتی هەرێم و کۆدەنگی دۆزی کورد. له وانه:

- کۆلن پاوڵ ، وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکا.
- رامسفیلد ، وەزیری بەرگری ئەمەریکا (چەندین جار).
- کۆندۆلیزا رایس ، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشوی ئەمریکا.
- سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی یابان.
- سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا.
- سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی ووڵاتی هندستان.
- سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور.
- سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی کازاخستان.





- سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئازربایجان.
- سەرۆك كۆماری ئەندەنوسیا.
- ویڵی براند، سەرۆكی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆناڵ ( كەسایەتیەكی گەورەی جیهانی بوو).
- ئولف پاڵمیە ، سەرۆك وەزیرانی سوید.
- ستیڤن ئەندەرشۆن ، وەزیری دەرەوەی سوید.
- ئینگ ڤاركارلسون ، سەرۆك وەزیرانی سوید.
- ئامادەكردن و ئەنجامدانی سەردانێكی مێژوویی هەڤاڵ "سەرۆك مام جلال" كەئەوكات سەرۆك كۆماری عیراقی فیدراڵ بوو، بۆ وولاتی چین و دیداری لەگەڵ سەرۆك كۆماری چینی میللی، كە بۆ جاری یەكەم بوو لە مێژووی وولاتی عێراق ولە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندی دبلۆماسی نێوان وولاتی عێراق وچینی میللی لە 1958 وە سەرۆك كۆمارێكی عێراق سەردانی كۆماری چینی میللی بكات . كە لەو سەردانەدا (سەرۆك مام جلال) چاوی كەوت بە سەرۆك كۆماروو و سەرۆكی وەزیران و سەرۆكی پەرلەمان وسەرجەم دەسەڵاتدارانی حیزبی و حكومی وولاتی چین، لەوەش گرنگتر لەو سەردانەدا و لەسەر داوای سەرۆك مام جلال، وولاتی چین بریاریدا لە قەرزی زیاتر لە ( 7 ) ملیار دۆلاری سەر وولاتی عێراق خۆشببێت.
- دووجار ئامادەكاری و سەرپەرشتی كردنی سەردانی هەڤاڵ (سەرۆك مام جلال) وەك سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانی كوردستانی كردوە، بۆ لای بەرێز (فرانسوا میتیران) سەرۆك كۆماری فەرەنسا، كە دیدارەكانی زۆر سەركەوتوو پربایەخ بوون، لەگەڵ زۆرینەی دەسەڵاتدارانی فەرەنسا، "د. محمد سابیر" بۆ هەردوو جارەكە بەشدار بووە لە كۆرو و كۆبونەوە و سەردانەكەی سەرۆك مام جلال.

## هەوڵەكانی لەبوارە جۆراو جۆرەكان، لەپێناوی دۆزی كورد و ئاشنا بوونی حكومەتی هەرێم بەدونیایی دەرەوە:

- پەیوەندی لەگەڵ چەندین ریكخراوی جیهانی دروستكردووە بۆ هاوكاریكردنی هەرێمی كوردستان.
- پەیوەندییەكی پتەوی لە نێوان هەرێمی كوردستان و وولاتی فەرەنسا دروستكردووە.
- پەیوەندی پتەوی لە نێوان هەرێمی كوردستان و زۆر لە وولاتە ئەوروپیەكان دروستكردووە.
- لە وولاتی فەرەنسا و لە ماوەی نوێنەرایەتی كردنی یەكیتی نیشتمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان، دیداری ئەنجامداوە لەگەڵ كەسایەتییە دیارەكانی ئەو وولاتە وەك (دووجار فرانسوا میتیران سەرۆككۆماری فەرەنسا، دووجار ئالان ژوپیە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، فرانسوا لیوتار وەزیری بەرگری فەرەنسا، چەندین جار بیرنارد كۆشنەر وەزیری ماف مرۆڤی فەرەنسا، وەزیری كەلتوری فەرەنسا جاك لانگ). لەچالاكی سیاسییەكانی لە فەرەنسا چاوی كەوتووە بەسەرۆكی پەرلەمان وسیناتۆرو سەرۆكی زۆربەی حیزبەكانی فەرەنسا وەك میشیل روكارد و فرانسوا ئولاند...هتد




- ئەو کاتانەی "د. محمد سابیر" باڵیۆز بووە لە چین و جنیڤ، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ باڵیۆزانی وڵاتانی تر پەیداکردووە بۆ نموونە، لە چین پەیوەندیی لەگەڵ 165 باڵیۆزی ووڵاتان هەبووە و تا ئێستاش ئەم پەیوەندیانە لەگەڵ زۆربەیان بەردەوامە و بە هەمان شێوەش لە جنیڤ.
- ساڵی 2014 لە هۆڵی مافەکانی مرۆڤ ، لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکەمجار سیمینارێکی گەورەی سازکرد وەك باڵیۆزی عێراق لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال و زیاتر لە 120 دیبلۆمات و شارەزاو باڵیۆزی ووڵاتان بەشداریان تیدا کرد و ووتاریان پیشکەش کرد، لەوسیمینارەدا فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی پیشکەش کرا، سەبارەت بە تاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد لە هەڵبجە ( لە ئەنفال و کیمیاباران و لەسیدارەدان) یەکەم جاربوو لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سیمینارێکی وا گەورە رێکبخرێت سەبارەت بەتاوانەکانی رژێمی بەعسی عێراق بە رامبەر بەکورد و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال وە ئەو ژمارە زۆرەی ئەوباڵیۆزانەو دیبلۆماتکارانەی (UN)ئامادەبێت، کەئەم سیمینارەش دکتۆر محمدسابیر پێشکەشی کرد بەناوی ( هەڵەبجەو ئەنفال) لەو کۆنفرانسەدا وەفدێکی یاسایی هەرێمی کوردستان و عێراق بەشداریان تێدا کرد، هەروەها کۆمەڵێك شارەزا لەبورای چەکی کیمیایی و جینۆساید لەوڵاتانی سویسرا و نەمسا و فەرەنسا بەشداریان کردو دید و بۆچوونی خۆیان پێشکەش بە کۆنفرانسەکەکرد، کە رۆژێکی تەواوی خایاند.
- لە بەرواری 9-9-2004 تا 30-4-2010 باڵیۆزی عێراق بووە لە کۆماری چینی میللی. لەماوەی کارکردنی وەك باڵیۆززی عێراق لە چین توانیویەتی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ پارتی کۆمیۆنیستی چینی پەیدا بکات و تەنانەت لەسەر ئاستی حیزبیش توانیویەتی ساڵانە دوو وەفدی باڵای یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی ووڵاتی چین بکات، وەفدێك لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی و وەفدیك لەسەر ئاستی کادرە پیشکەوتوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ماوەی کارکردنی وەك باڵیۆززی عێراق لە چین دیداری لەگەڵ زۆربەی سەرکردە عەرەبەکان ئەنجامداوە کە سەردانی ئەو ووڵاتەیان کردووە وەك (پادشای ئوردون و سەرۆکی سودان و وەزیری دەرەوەی سعودیە و کوەیت و فەلەستین) چەندین جار لەگەڵ محمودعباس یەکتریان بینیوەوە دیداریان ئەنجام داوە.
- پێشوازی کردن لە وەزیری دە رەوەی عێراق بەریز هۆشیار زیباری چ لە و کاتانەی کە لە چین بوو یان کە لە جنیڤ بوو، وەکو باڵیۆزی عێراق بە هەمان شێوە پێشوازی کردن و رێکخستنی هەموو سەردانەکانی وەزیرە جۆر بە جۆرەکانی عێراق چ ئەوانەی هاتوون بۆ چین یان ئەوانەی هاتوون بۆ جنیڤ و هەروەها هەموو ئەو وەفدانەی عێراق کە هاتوون بۆ چین یان جنێڤ ، لەو کاتانەی کە باڵیۆزی عێراق بوو لەو دوو وڵاتە.
- پیشوازیکردن لە بەرێز ابراهیم جعفری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی عێراق لە جنێڤ.
- بۆیەکەمجار لەلایەن نوێنەری هەمیشەیی عێراق لەجنێڤ دکتۆر محمدسابیر و هاوسەرەکەی ( هەتاو ئیبراهیم ئەحمەد) لەبارەگای سەرەکی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان ( UN) لەجنێڤ، پێشانگەیەکی فۆلکلۆری و بازاری بەرهەمە عێراقیەکان و جلوبەرگی کوردی نمایشکرا و هەموونوێنەرانی هەمیشەیی وڵاتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەڵەکلتورییەکان کەلە جنێڤ بوون، سەردانی ئەو پێشانگایەیان کردوو سەرۆکی





ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتوەکان  کە بە ریز (مایکل مولەر) بوو  وە لێپرسراوانی حکومەت و هەموو باڵیۆزەکان و دبلۆماتکارەکان سەردانی پێشانگاکەیانکرد و رۆڵێکی زۆر باشی بینی لەناساندنی کەلتورو بەرهەمەکانی عێراق و جلوبەرگی کوردی و مۆسیقای کوردی، بەهەموو نوێنەران و ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان و گەلی سویسرا.

- ئیستا دکتۆر محمدسابیر پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ، سەرجەم سەرۆکی کۆمسیۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنیڤ.
- باشترین پەیوەندیی  هەبوو لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گوتریز، کە سەرۆکی پەنابەرانی جیهانی(UNHCR) بوو لە جنیڤ  و ئیستاش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە نیۆرك.

## دیدارو نوسین و چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکان:

- لە وڵاتی سوید چاوپێکەوتنی کردووە، لەگەڵ زۆرینەی کەناڵە میدیاییەکان و رۆژنامەکانی وەك (داگس نیوهێتەر، سڤانسکاداگ بلادت، ئافتونی بلاد، ...هتد) سەبارەت بە دۆزی کوردو سیاسەتە پڕتاوانەکانی دەسەڵاتدارانی رژێمی پێشووی عێراق کە دژ بە گەلی کورد پیادەیان کردووە.
- لە وڵاتی فەرەنسا چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ زۆرینەی کەناڵە میدیاییەکان و رۆژنامەکانی وەك (لوموند، فیگارو، لیبراسیون، ....هتد).
- لە وڵاتی ئەمریکا چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ زۆرینەی رۆژنامەکان و کەناڵە میدیاییەکانی وەك ( CNN,Fox News, نیویورك تایمز و واشنتۆن پۆست ... هتد).
- لە وڵاتی چین چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە لەگەڵ زۆربەی رۆژنامەکانی وەك ( China Daily, China Times, رۆژنامەی گەلی چین زمانحاڵی پارتی کۆمیونستی چین) وە چەندین چاوپێکەوتن لە کەناڵەکانی چین وەك ( CCTV,CCTV3,Phonex TV) ئەم کەناڵانە شارەزان لە چاوپێکەوتنی سەرکردەکانی جیهان، هەروەها چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی شینخوای چینی کردووە و دەیان نوسین و چاوپیکەوتنی لە رۆژنامەکانی چینیدا بڵاوبۆتەوە.
- چەندین چاوپێکەوتنی بینراو و خوێنراو و بیسراوی لە کەناڵە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، وەچەندین ووتاری لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان بڵاو بۆتەوە.

## وەرگرتنی ڕێزلێنان ، لەپاش هەوڵ و تەقەلاو کارە سەرکەوتوەکانی

- وەرگرتنی بروانامەی ڕێزلێنان وەك باڵیۆزی کۆماری عێراق لە وولاتی چین.
- ڕێزلێنان و سوپسنامەی بەرێز سلیم جبوری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپسنامەی بەرێز دکتۆر سعدون دلیمی ، وەزیری رۆشنبیری عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاسنامەی بەرێز هوشیار زێباری، وەزیری دەرەی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاسنامەی بەرێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپسنامەی بەرێز ثامر غضبان، وەزیری نەوتی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاسنامەی بەرێز وەزیری پلاندانانی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاسنامەی بەرێز حسین شهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاسنامەی بەرێز محمد بیاتی، وەزیری مافی مرۆڤی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاسنامەی بەرێز دکتۆر عبدالباسط، سەرۆکی دەستەی چاودێری دارایی عێراق.
- ڕێزلێنان و سوپاس نامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەندەنوسیا.
- دەیان نامەی ڕێزلێنان و سوپاس گوزاری تری لەلایەن وەزیرەکانی حکومەتی عێراق و ئەو وولاتانەی کەکاری تێدا کردووە.

**دکتۆر محمد سابیر، وەك کارەکتەرێکی ئەکادیمی و زانستی و سیاسی، خاوەنی پەیوەندییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیەو زۆرێك لەو پەیوەندیانەی بەکار هێناوە بۆ خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد، بۆ ئەومەبەستەش چەندین کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجامداوە، لەگەڵ سەرۆك و سەرکردە ناودارەکانی دونیایی سیاسی و دبلۆماسی، کەسەر جەمیان لەئێستا دا بۆتە خەرمانێکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێم و کۆدەنگی دۆزی کورد**




# دکتۆر محمد سابیر اسماعیل